# ئایا هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەوقەیان دەکرد؟ ووتی: بەڵێ

لە ئەبی خەتاب قەتادەوە، دەڵێت: ووتم بە ئەنەس: «ئایا هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەوقەیان دەکرد؟ ووتی: بەڵێ».
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

کاتێک دەڵێت: (ئایا هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەوقەیان دەکرد؟) واتا: ئایا تەوقەیان دەکرد کاتێک دەگەیشتن بە یەکتری پاش سەلامکردن، وتەوقە کردن دەبێتە هۆی زیاد بوونی خۆشەویستی وڕێزگرتن، وبە دەستی ڕاست دەبێت، ئەگەر تەوقەیان کرد ئەوا لێخۆشبوون هەیە لە تاوانەکانیان پێش ئەوەی لە یەک جیا ببنەوە، وئەمەش بەڵگەیە لە سەر فەزڵی تەوقە کردن لە کاتی گەیشتن بە برای مسوڵمان (یان ئافرەتێک کە گەیشت بە خوشکێکی موسڵمانی، وەکو ڕوونە تەوقەکردن لە نێوان پیاو وئافرەتێکی نامەحرەمی حەرامە وهەڕەشەی لەسەر هاتووە)، تەوقە کردن بۆ کاتی وەستان ودانیشتن وقسە کردنە لەگەڵ بەرامبەر وهاوشێوەی ئەمە، بەڵام ئەگەر بە لای کەسێک تێپەڕی لە بازاڕدا یان هەر شوێنێکی تر ئەوا تەنها سەلامکردن بەسە؛ چونکە ڕێبازی هاوەڵان بەو شێوەیە نەبووە کە بگەن بە هەرکەسێک تەوقەی لەگەڵدا بکەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5384

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee